# سڵاو لە گیانی بوێرییەکەی دکتۆر کەمال سەیید قادر

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە
www.rahman_256@hotmail.com

نامەیەکی کراوە بۆ هێژا کاک مەسعوود بارزانی

دەسگیرکردن و شوێنگومکردنی ( دکتۆر کەمال سەیید قادر ) ئەڵقەیەکی نەبڕاوەی سەرەتایەکی سامناک و نادیارە لە زنجیرە سووکایەتیپێکردنێکی دەزگای پاراستن و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە هەموو گوزارشێکی هەژی و وشەیەکی بوێر و مافی دەربڕین و ئازادیی رۆژنامەگەری و بچووکترین مافی مرۆڤی کوردی سەردەم و یەکەم وانەی ئەلفوبێی دیموکراسی . من نازانم ئەو تەرزە ( دیموکراسییەی ) کە شەست ساڵی ڕەبەقە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) خۆی پێوە هەڵدەکێشێ و کردوێتییە تەهلیلە و ویردی سەرزار و کۆڵەکە سێکوچکییەکەی ناسنامەی خۆی ، بۆ کەی هەڵیگرتووە و ئەگەر بۆ تاکە یەکجاریش بێت ، با ئەو درۆ زلەی ( دیموکراتییەت ) بە ڕاست بگێڕێ و بیکاتە کردەوە ، هەر نەبێ ئەو کوردە خێرلەخۆنەدیوەی پاشماوەی ئەنفال و کیمیاباران و بەرماوەی ئەشکەنجەی زیندانە سامناکەکانی بەعسی فاشیست ، وەکوو سەگێکی ئەورووپایی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە بژمێردرێ و نیمچە ئازادییەک بە قەڵەمە بوێرەکانی ڕەوا ببینرێ ؟ ئەم ڕەفتارە تۆتیالیتارییانەی دەزگا پاراستنەکەی پارتەکەی کاک مەسعوود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، گوزارش لەوەوە دەکات کە سەرانی پارتی بە گشتی و بارزانییە جامانەسوورەکان بە تایبەتی ، بە وێنەی تکریتییەکانی سەردەمی سەدام حوسێنی هاوڕەفتار و هاوبیریان ، خۆیان لە  سەرووی هەموو یاسا و ڕێسا و ڕەخنەیەکەوە دادەنێن و بە وێنەی پێغەمبەران مەعسوومن لە هەموو تاوان و گوناهێک و بە چەشنی ئیمپراتۆرەکانی یابانی پێشوو، هەرکەسێک سەر لە ئاستیاندا دانەنەوێنێتەوە و کڕنووشیان بۆ نەبات ، خوداوەند هەر لەو شوێنەدا دەیکوژێت و لەو دونیاش جێگای دۆزەخ دەبێت . سەرانی کورد و بەتایبەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی ، لەگەڵ هیچ لایەن و کەسێکدا سازش ناکەن ئەگەر بێتو بچووکترین ڕەخنەیان ئاراستە بکات . ئەمە پەتایەکی کوشندەی تایبەتە و بەندە بە بیری هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆرییانەی دونیا و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، لە پێش هەمووشیانەوە ڕژێمەکەی سەدام حوسێن ، کە هەردوو دەسەڵاتەکەی پارتی و یەکێتی وەکوو قوتابییەکی دەرچووی ئەو قوتابخانە تێکشکاوە ، دەمکوتکردن و دیکتاتۆرییەتیان بە میراتی بۆ ماوەتەوە و ناتوانن لەو جغزە دەرچن و خۆیانی لێ قورتار بکەن و شارستانییانە و مرۆڤدۆستانە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی نووسەرە هاوچەرخ و قەڵەمە چاونەترسەکانی میللەتەکەی خۆیاندا ڕەفتار بکەن .

کاک مەسعوود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، تاوەکوو ئێستا چەندجاربارپاتی کردووەتەوە کە دیموکراتییەت و یاسا لە کوردستاندا بەرقەرار دەبێت و لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوە دەبێت ، بەڵام تاوەکوو ئێستا لە قسەی رووت بەولاوە هیچی لێ دەرنەچووە و هەڵبەتە قسەی ڕووتیش ناچێتە نێو گیرفانەوە . ئاواتەخوازم سەرانی کورد ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت ، خاوەنی فەرمایشت و گوفتارەکانی خۆیان بن و لەوە زیاتر خۆیان و خەڵکانی دیکەی پێ فریو نەدەن ، چونکوو زوڵموزۆر و جەور و دەسەڵاتی ڕۆژگار تا سەر یار و یاوەر و لەگەڵ کەسدا نابێت تا سەر بۆ کەس نامێنێتەوە ، با بڕواننە سەدامی مامۆستایان چۆن بەرداشی زەمانە بەوێنەی دانوێلە هاڕی و لە کۆشکی پاشایەتیی لەخۆباییبوونی چ بارێکەوە کەوتە داوی دۆزەخی چ چاڵێکەوە ، یان ( بەشار )ی شێرەکەی سووریا و بکوژانی دکتۆر موحەمەد مەعشووقی شارە دێرینەکەی قامیشلوو ، چۆن وەکوو ڕێوی کلکیان لە نێوگەڵیان ناوە و کونەمشکیان لێ بووە بە قەیسەری و بە کوشتنی یەکدی دەیانەوێ تاوانەکانیان شوێنگومکێ پێ بکەن ! بەڵام پەندوەرگرتن لە وانەکانی مێژوو ، بۆ کەسانی دانا و زانا و خەڵکانی کارامەی مرۆڤدۆستی لێهاتووە ، نەک بۆ دیکتاتۆر و لەخۆباییبووان .

دکتۆر کەمال سەیید قادری یاساناس و خاوەنی دوو ناسنامەی دکتۆرا و مامۆستای دانیشتگا لە وڵاتی نەمسا ، خوێنەکەی زۆر لە خوێنی شەهید ڕەفیق حەریری بەنرختره و بۆ دەزگای پاراستنی زەلیلی ژێرچەپۆکەی زەبری دەستی سیاسەتەکانی سەدام حوسێنی ئاغایان ، شوێنگوم ناکرێ و ئەمە ڕەفتاران بێت ، ڕۆژێک دێت گەردی تەخت و تاراجتان ببا بە کەشکەڵانی فەلەک و ئاسماندا و لە لوبنانی سەریرەش و مەسیف سەلاحەدین وەدەرتان نێن .

دکتۆر کەمال پێشوەخت و بەوپەڕی بوێرییەوە لە ئەورووپاوە پەنجەی تاوانی بۆ سەرانی پارتی درێژ کرد و جوامێرانە هاتە بەردەستان ، تا ئەو ڕاستییانە بۆ هەموو کورد و جیهان بسەلمێنێ کە شێخ زانا دەسکردی پارتی بووە و تاوەکوو ئێستاش دەیان شێخ زانای دیکە ، وان لە ڕیزەکانی پارتیدا و ڕۆژانە دەیان تاقیکردنەوە لەسەر کوڕ و کچۆڵەی شاری قەڵا و

منارەی هەولێر دەکەن ، بەڵام لەبری ئەوەی سەریان ببڕن و لە کیسەی نایلۆنی ڕەشیان بنێن ، دەیانچەوسێننەوە و دەمکوت و شوێنگومیان دەکەن . ئەگەر بەو ڕەفتارەتان وادەزانن کورد بەچەترسێن دەکەن و دەمی دکتۆر کەمال بە تۆقاندن دەئاخنن ، هەر کوردپەروەرێکی تینووی ئازادی و ڕزگاری و دیموکراتییەتی سەردەم و هەر خاوەن قەڵەمێکی خاوەن هەڵوێستی بوێر و نەترس ، هەر یەکەو لە ئاستی خۆیەوە دکتۆر کەمالی سەیید قادرە و دە هێندەی دی دزی و جەردەیی و لادان و تاوانتان لەسەر دەکاتە ماڵ ، چونکە ڕووی ورشەداری زێڕینی هەتاوی ڕۆژگار ، بە بێژنگی هەلاهەلا و داوەشاوەی سەرانی پاراستن و پارتی پێشی لێ ناگیرێ و چاوی کوردپەروەرانی سەردەمی تینووی ئازادیی پێ نابەسترێتەوە .

دکتۆر کەمال مەردانە و کوردانە و بەوپەڕی بوێرییەوە و بە پێی خۆی هاتە بەردەس و بەردەمتان ، تاوەکوو تاوانەکانتان لەسەر بکاتە ماڵ و لەوە زیاتر بازرگانی بە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی میللەتی کوردەوە نەکەن و سنوورێک بۆ لادان و تاوانەکانتان دەسنیشان بکات ، بەڵام ئێوەی لەخۆ بە شک و گومان کە زانیتان ناتوانن بەرپەرچی ئەو هەموو ڕاستییانە بدەنەوە ، زۆر نامەردانە دەنگیتان کپ کرد و شوێنگومتان کرد و دەتانەوێ بەو ڕەفتارەتان چرا هەڵکراوەکانی دەنگە دلێر و نەبەردە نەترسەکانی دیکەی پێ خامۆش و کپ بکەنەوە ، بەڵام هەیهات !

لێرەی ستۆکهۆڵمی سویدستانەوە ، ئەم نامەیەم ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، هێژا کاک مەسعوود بارزانیی دەکەم ، کە ئەگەر بێتوو ڕاستوخۆ و دادپەروارانە لە ماوەیەکی نزیکی دیاریکراودا ، سۆراغی دکتۆر کەمالی سەیید قادر ڕانەگەیەنن ، من بە ناچاری ( هەرچەندە لە کانگای دڵەوە پێشم خۆش نەبێت ) پەردە لەسەر ناوی شێخ زاناکانی دیکەی نێو پارتی هەڵدەدەمەوە ، هەر لە ساڵی ( **1969** )وە کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە خزمەت سەییدا ساڵەح یووسفیدا لە ناوپردان و چۆمان و لە بەشی ( ئینسات ) لەگەڵ فەریدوون مەجید دارا و فەوزیدا ، کارمەندی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووم و چوار مانگی ڕەبەق بە تۆمەتی ئەوەی کە ( **66** ) و جەلالیم ، بە دەستی حەمەی عەزەدۆم لە دەبەند ڕایات لە خزمەت مام سەعید مەسیفیدا زیندانی بووم ، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەگەر پەردە لەسەر جێگای دکتۆر کەمال هەڵنەدرێتەوە ، بە بەڵگەوە ئەو ڕاستییانە لە زنجیرە وتارێکدا بڵاو دەکەمەوە و دەیخەمە پێش چاوی هەمووان .

هەر بەرقەرار بێت وشەی پیرۆزی زیندووی بوێر و ئازاد و سەرشۆڕی بۆ قەڵەمفرۆشان .

ستۆکهۆڵم _ **05 - 11 - 2005**